Kurdish / کوردی

# Office of the WorkCover OMBUDSMAN South Australia

نوسینگەی ئۆمبەدسمانی وێرککەڤە (WorkCover Ombudsman)* بەخۆڕایی ڕێنمایی و یارمەتی پێشکەش بەو کرێکارە ئەزیەتخواردوانە یان خاوەنکارانە دەکات کە سکاڵایەکیان لەسەر خزمەتگوزارییەکانی بەرنامەی وێرککەڤە (WorkCover) هەیە.

ئەو نوسینگەیەکی سەربەخۆیە لەو سکاڵایانە دەکۆڵێتەوە کە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی بەرنامەی وێرککەڤە (WorkCover) ـەوە پێشکەشدەکرێن، هەر کێشەیەکیش بەدیبکات بە ڕاپۆرت دەیگەیەنێت بە نوسینگەی وەزیری پەیوەندییە پیشەسازییەکان (Minister for Industrial Relations).

دەتوانی لەم ڕێگایانەوە پەیوەندی بە نوسینگەی ئۆمبەدسمانی وێرککەڤە (WorkCover Ombudsman) بکەیت:

| | |
|---|---|
| **تەلەفۆن** | 1800 195 202 تەلەفۆنی خۆڕایی |
| **فاکس** | (08) 8204 2169 |
| **ئیمەیل** | owo@saugov.sa.gov.au |
| **ناونیشانی نوسینگەکە** | Level 6, Chesser House<br>Grenfell St ADELAIDE SA 91-97 |
| **ناونیشانی پۆستیی** | GPO Box 2343 ADELAIDE SA 5001 |
| **DX** | DX 56201 ADELAIDE |

ئەگەر دەتەوێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ کارمەندێکی نوسینگەکە قسەبکەیت، تکایە پێش هەموو شتێك تەلەفۆن بۆ نوسینگەی ئۆمبەدسمانی وێرککەڤە (WorkCover Ombudsman) بکەو مەوعیدێک وەرگرە.

**ئۆمبەدسمانی وێرککەڤە (WorkCover Ombudsman) ئەم ڕۆڵانە دەبینێت:**

- وەرگرتن و لێکۆڵینەوە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو سکاڵایانەی لەلایەن کرێکاران و خاوەنکاران یان هەر لایەنێکی پەیوەندارەوە پێشکەشدەکرێن لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بەرنامەی وێرککەڤە (WorkCover).
- لێکۆڵینەوە لەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە دووبارەئامادەکردنەوە و ناردنەوە سەر کاری کرێکارە ئەزیەتخواردوەکانەوە هەیە، بۆنمونە: ئەرکەکانی خاوەنکار، چۆنیەتی جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکانی دووبارەئامادەکردنەوە، شکاندی نهێنیپارێزی، چۆنیەتی ڕاگرتنی زانیارییەکان، هتد.
- پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی ڕاگرتنی مەعاشی حەفتانەی کرێکارە ئەزیەتخواردوەکان.
- دەستنیشانکردنی ئەو کێشانەی لە پرۆسەی بەڕێوەچوونی بەرنامەکاری 1986 بۆ قەرەبۆ و دووباردەئامادەکردنەوەی کرێکاران *(Workers Rehabilitation and Compensation Act 1986)* سەر هەڵدەدەن.
- هاندان و یارمەتیدانی وێرککەڤە (WorkCover SA) و خاوەنکارەکان بۆ دامەزاندنی پرۆسەیەک کە بەخۆیان سکاڵاکان بەڕێوەببەن.

*تێبینی: ئەگەر تۆ سکاڵایەکت هەیە ئەوە ئێمە بەگشتی وامانپێباشە کە سەرەتا خۆت لەگەڵ کەسە یان ڕێکخراوە پەیوەندارەکە هەوڵی چارەسەرکردنی بدەیت پێشئەوەی بێیت بۆ نوسینگەی ئۆمبەدسمانی وێرککەڤە (WorkCover Ombudsman).*

ئەگەر دەتەوێ بە زمانی خۆت لەگەڵ نوسینگەی ئۆمبەدسمانی وێرککەڤە (WorkCover Ombudsman) قسەبکەیت، ئەوە تەلەفۆن بۆ سێنتەری تەرجومە (Interpreting and Translating Centre) لەسەر ئەم ژمارەیە 1990 8226 (08) بکەو داوا لە موتەرجیمەکە بکە با تەلەفۆن بۆ نوسینگەی ئۆمبەدسمان (Ombudsman) لەسەر ئەم ژمارەیە 202 195 1800 بکات (بەخۆڕاییە). ئەم خزمەتەی تەجومە بۆ تۆ بە خۆڕاییە.

* *ئۆمبەدسمان (Ombudsman) کەسێکە دانراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان.*